# نیشتیمانێک لە درۆ  سەرکردەیەک لە پەرۆ!

نامۆ سامان

هاورێ!

ئەم نیشتیمانە کەبۆتە هوتێل کوردستان، پارەی چەند رۆژێکی هوتێلم نەداوەو، زۆر ئەترسم خاوەن هوتێل کەنازانم کوێنەرییە، لەشەوێکی وەک ئەم شەوەدا کەسەرما پەنجەکان ئەگەسێ بمکاتە دەرەوە، ئیتر منو شار یەک جەستەی سارد بین تا بەیانی بەلەدێیەک.نیشتیمان وەک پەتێک وایە، وەک داوی جالْجالْۆکە تەنراوە هەر سەرێکی  بەدەست حیزبێکەوەیە بەم رۆژگارە وەک مەیمون پەتپەتێنمان پێدەکەن. شیعر گەیشتنە بەحەقیقەت، ئەوە حەقیقەتی ئەو شیعرانە بوون بە دەیان شاعیری لەسەر سێدارە دران بە دەیان شاعیری ئاوارەی زیدەی خۆیکرد، حیزب گەیشتنە بە دەسەلات، سیاسەت پیاوە گێلەکانی پێ ناساندین، حیزب لە نیشتیمانەکەی خۆماندا نامۆی کردین. مەحمود دەروێش شاعیری فەلەستینی، شیعری بۆ عەرەبو فەلەستین دەنووسی پێمان دەوت شاعیرە شۆرشگێرەکە! عەبدولا پەشێو شاعیری کورد، شیعری بۆ مندالْو کورد دەنوسی پێمان دەوت شاعیرە شۆڤێنێکە ئای لەو کارەساتە بەدەستی عەقلی پیاوانی پەرۆوە!

رێگەم بدە بێمە رۆحتەوە..

رێگەم بدە لەچاوەکانتا وەک باران برژێمە دەرونتەوە ..

رێگەم بدە لە دلْە حوزنەکەتدا فوویەک لە ئەنگوستەی تەمەنت بکەم ..

ئەم پەلکە سەوزانە بەسەر پەنجەی تۆوە  زەرد دەچنەوە

ئەم روانینانە بەنیگای تۆوە بۆ کوێمان دەبات..

رێگەم بدە وەک با بەدەربەندی چاوەکانتا گوزەرکەم

وەک عەشق لە چاوەکانتا هەلْکە

ئەگەر دەولْەتی کوردی تەنها خەیالْ بێت ئەوا چوونی تورکیا بۆ بازاری ئەوروپاو بۆ ناو جیهانی ئەورووپی ئەوا نەک خەیالْە بەلْکو کابوسێکە، قسەکردنیش لەسەر فاکتەری بنەماکانی ئەوروپا تورکیا ولاتێکی نەک شایانی ئەوەیە بێتە ئەورووپاوە بەلْکو شایانی ئەوەیش نییە گوێ لێبگیرێت دوا هەوالْی فەرەنسا کەدروستکەری یەکێتی ئەورووپایە ئەوە بوو کە تورکیای خستە زبلْخانەی گفتوگۆوە. سەرکردەکانی ئێمە لەو باشوورەدا لە خەیالْدا نازین بەلْکو ئەوان زۆر واقیع  بینینانە

ئەروانە دەوروبەر، سەرکردەکانی ئێمە هەرگیز لەخەیاڵدا نەژیاون ئەوان زۆر لە تـۆو دەوروبەر واقیع بینینترن ئەوان بەدرێژای مێژوو بیریان لە دەوڵەتی کوردی نەکردۆتەوە بەڵکو فاکتەرێکیش بوون بۆ تراژدیای کــورد ئەوان دایـــــە خۆیان بەو عێراقە شەقو شرەوە لکاندووە کە دروست نابێت. ئاخ خۆزگە سەرکردەیەکمان دەبوو خەونی بە دەوڵەتی کوردییەوە دەبینی چونکە رۆژێک دێت ئەو خەونە بێتە دی، سەرکردەکان ئەو خەونەیشیان پێ رەوا نەبینین.

باشور!

هەموو تراژدیای عەرەبی فەلەستینی ناگەن بە

تۆزی ئەنفالو هەناسە ژەهراوێکەی تۆ!

ئێمە بە بڕواوە دەمردین

بە بڕواوە لە سەنگەرەکانی مردنەوە

تەقەمان لە ژیان دەکرد

بەبێ بڕوا دەژیان

بەبێ بڕوا لە سکەکانی ژیاندا

سنگمان لە ئازارەکانی یەک دەسوو

باشور!

تۆ بە کۆڵی چاڵی جەنگەوە

بە کۆڵی خەمی ووردیلەو دایکانی رەشپۆشەوە

بە کۆڵی ئەنفال و ژەهر و کۆچەوە

باشور ئەی پەنجەرەکەی تەمەنی من

باشور ئەی خەمە سەوزەکەی ئازاری من

من بەجانتایەک درۆو

بەدڵێکی پیسو پڕ خیانەتەوە

هاتم بێشەرمانە بێ ئابڕوانە

چوومە عەشقتەوە

دڵە کریستاڵە 4 پارچەکەتم دزی

کردم بە شەش پارچەوە

ئێمەی هیچ، ئێمە لە قسەیەک کە مانا ناگەیەنێت جگە لە ماڵوێرانی نەیشمان توانی لەسەر بنەماکانی هیچ، هیچ بنیانێت نێین نەمانتوانی گوندێک بسوتێنین، شارێک وێران کەین، ئاسمان لە باڵندەکان قەدەغەکەین، نەمانتوانی بەدرێژایی مێژوو بستێ لەخاکی بێگانە داگیرکەین، بووینە نۆکەری هەموو داگیرکەرانو نەمانتوانی کەسێک بکەین بە سیخوری خۆمان، نەمانتوانی شەر لەماڵەکەی خۆمان دەرکەین، دایمە ئاشتیمان بۆ دراوسێ ویستووە ئاژاوەکانیش بۆ ماڵی خۆمان. ئێمە کە لەسەر بنەماکانی خۆ بەکەمزانین دایمە سەرمان شۆر بووە لە ئاستی دوژمناندا. سەرانی کورد لەو باشورەدا وا دەزانن کورد بەشی خوراوە نەک وڵاتەکەی داگیر کراوە ئەوان هەرگیز هەستیان بەوە نەکردووە کە کورد لەو جوغرافیایەدا پێویستی بە نیشتیمانێک هەیە کە تیایدا ئاسوودە بێت نەک مافەکانی پارێزراو بێت،

کورد وادەزانێ مافەکانی خوراوە نەک نیشتیمانەکەی داگیرکراوە.

ئای! لە ئێمە

ئێمەی هیچ

ئێمەی دوای کڵاوی سەرکردەکانو

دوای خواکانی جەنگو

دوای وتی وتی پیاوە پەرۆکان

لە دۆراندن نەبێت

لە راکردنو گاڵتەکردن بە موحیبەتی گوڵەکان نەبێت

ئەگەر ئێمە بستێ خاکمان هەبێت بۆ گوڵو بۆ منداڵ

ئێمە نیشتیمانێکمان هەیە بە قسە، تاپۆکەی لە گیرفانی دوژنمدایە

ئێمە سەرکردەیەکمان هەیە لە پەرۆ، وتەکانی لە دڵی دوژمندایە

ئێمە خاکێکمان هەیە فێری خیانەتمان کردووە رۆژێک خیانەتی لێنەکەین وادەزانیـــن شتێکمان ونکردووە ئێمە لەوەتەی هەین بەدووی بازنەکانی خیانەتدا خولدەخۆین وەکو مزراح وەکو دڵی رەشی دوژمن ئێمە فێری ئەوەبوین کەنیشتیمان مانایەک نابەخشێت بە بوون.

ماڵێکمان هەیە لە گوڵە هێرۆ

بۆ پیاوە بودەڵەکان
نیشتیمانێکمان هەیە لە ژەهر و ئەنفال
بۆ ژن بۆ منداڵ
ئازیز! نیشتیمانەکەت بخە جانتاکەتەوە
ئێرە جوگرافیای جەنگە، جەنگ
کابوسێکە بەدەم زورنای مەرگەوە
نابینی ئازیز هەنگاوەکان چۆن لێکدەئاڵێن
چۆن سەفۆنیانی مەرگ دەستی گرتووین
نیشتیمانمان بەو هەموو ئازارەوە جێهێشت
سکی نیشتیمانمان پڕ کرد، بێ شەرمانە هەڵهاتین
بێ شەرمانە نیشتیمانمان بەخشی بە پیاوە پەرۆکان

ئازیز! ئێمە دڵە سرک و جوانەکەی نیشتیمانمان سۆزانی کرد، ئاخر ئازیز تۆ نازانی ئەوە باجی شمشێرەکەی سەلاحەدینە ئێستاکە لێمان دەسەننەوە ئەی نازانی ئازیـز قەرز کۆن دەبێت بەڵام نافەوتێ، ئازیز ئەوەی دەنکە جۆیەکـــی مـــاڵی مەسیـحی دزیبێت ئەبێت بە تەن لە گەروی بێتە دەرەوە، تا لە شاخ بووین شیعرییان بەزۆر بۆ فەلەستین پێ دەنووسین و بە زۆر شان بە شانی برا فەلەستینیکانمانە دەجەنگایـن ئازیز ئەم سوکایەتیەی ئێستا پێماندەکـەن باجەکەیەی ئێمە ئەیدەین. ئێمە بەفرمانی پیاوە پەرۆکان بۆمان نییە وتەیەکی ناشیرین بەبرا عەرەباکانمان بڵێن بۆمان نییە بە مولازم موحسینەکان بڵێن شەرم ناکەن دێنە ماڵەکانمان کە هێشتاکە دایکانی نیشتیمان زامی تەحسینو بەعسێکانیان لێدەچۆڕێت ئێمە بەفرمانی پەرۆ نیشتیمانەکەمان پردکرد لە جەردەو دزو شەلاتیو خۆفرۆش، ماڵەکانمان پڕدکرد لـە سۆزانێکان ئێمە بۆمان نییە لەژێر ئاڵا ئێکسپایەرەکەی دیموکراسیدا وتەیەک بە میوانە داگیرکەرکانمان بڵێن، عەرەب نیشتیمانەکەی داگیرکردووین زمانو کلتوری شێواندووین کەچی بۆمان نەبێت پێیان بێڵن شەرم ناکەن دێنە ماڵەکەمان، تورک بە ناوی دیموکراسییەوە گاڵتە بە موعاناتمان دەکات زمانی بە مەلاشووە ئالاندووین کەچی بۆمان نەبێت لە ماڵەکەی خۆماندا قسەیەکیان پێ بڵێن.

ئای کە شەرمە
ئەستێرە لەو وڵاتەدا هەڵدێت

من بم لە جیاتی خودا
ئەو نیشتیمانە دەکەم بە پەڵەیەکی رەش
 بە نێوچاوانی سەرانی کوردەوە
من بم لە جیاتی خودا
ئەو دووپێیە دەبەمەوە
لە سکرابخانەکەما فرێ ئەدەم
تا شتە جوانەکانم لێ دزێوو نەکات
تا ئەوەندەی تر نەمخاتە گومانەوە
من بم لەجێ باران
لە تونێتیدا خۆم دەخنکێنم
ئیتر نابارێم لەخاکێکدا
کە خیانەت بەرهەمی زاوزێ بارینم بێت
بە گمەگمی کۆترەکان بڵێن فرین چی مانایەک ئەبەخشێ بەبوون
بە پەنجەرەکان بڵێن لە چاوەروانی چیدا ئێشک دەگرن
کە زەمەن میقاتێک بێت تەنها بۆ ئەنفال
بە ژنانی نیشتیمانەکەم بڵێن
ئەنفال گەنجێتی لێساندن ئێستاکە بەدیار
پیربوونی ئێوارەوە دڵنیابن لەوەی
ئیتر پیاوەکانتان ناگەرێنەوە

مردن تراژدیایەکە کۆتای بە ژیان دێنێت، جەستەکان ژێر خاک دەنێ جەنگێکە لەگەڵ عەشقو هەناسەکاندا دەچنە سەنگەرەوە بەڵام خودی مرد واژەیەک بووە بۆ ژیان، ئێمە بە پێچەوانەوە لەو باشوورەوە ژیانمان کردوە بە سەنگەرێک بۆ مردن دایمە لە چاڵەکانی مردنەوە تەقەمـان لە ژیان کردووە، ئێمە کە لە جەوهەری ئازادی نەگەیشتین نەیشمان توانـی پەنجەکان بەیەک ئاشنا کەین و خێزانێک لەسەر بنەماکانی خۆشەویستی بنیات نێین هەر لەیەوە هەمووومان کۆیلە بووین، کۆیلە بوونی ئێمە پەیوەندی بەجوگرافیای عەقڵەوە هەیە فاکتەرێکە لەسەر بنەماکانی مانەوە جەنگ لە پێناوی مانەوەدا، ئێمە لەنێوان مردنو ژیاندا مانەوەمان هەڵبژاردووە، مانەوە لەپێناوی

مردندا نەک ژیاندا، ئێمە لە فەلسەفەی نیشتیمان نەگەیشتین بۆیە لەیەوە هەموومان کۆیلە بووین، نەمانزانی ئەوەی بستی خاکی نەبێت دەبێت قەرەج ئاسا بەدووی رۆحی خۆیدا ویێڵ بێت.

تۆ ئەی قەرەج جانتاکەت نیشتیمانتە
تۆ ئەی کورد جانتاکەت ئەنفالتە
لەنێوان نیشتیمانو ئەنفالدا
ئێمە پێناسێکین ون
مردن تاپوتێکە
هەموومانی تیا پاڵکەوتووین
ئێوارەیەکە کە شەو داهات
ئیتر خۆری تیا هەڵنایەت
ئێمە کە دڵمان خاڵی بوو لە ژن
لە شەرمی گوڵەکانو
چپەی عاشقان نەگەیشتین
ئیتر چۆن بتوانین
لەم پەنجەرەی مردنەوە
لە حونجەکردنی نیشتیمان بگەین
حیزب بە بەر چاوانی هەموومانەوە فایلە ناخ رەشەکانی ئازاد کرد،
حیزب بە بەر چاوانی هەموومانەوە پیاوانی پێش رەدووی ئەنفالی ئازاد کرد،
حیزب بە بەر چاوانی هەموومانەوە بەکر عەلێکانی تیرۆر کرد،
حیزب بە بەر چاوانی هەموومانەوە کچە جوانەکانی لەخۆ مارەکرد،
حیزب بە بەر چاوانی هەموومانەوە لە کوردستانەوە بەرەو عێراقی بردین،
حیزب بە بەر چاوانی هەموومانەوە دەستوری عێراقی پێ ئیمزا کردین،
حیزب بە بەر چاوانی هەموومانەوە کورەکانی بۆ بەرەکانی تیرۆر راپێچکردین،
ئێمە لەو هەموو تاوانە پرسیارێکمان نەبوو،
ئێمە لەو هەموو دۆراندنە پشوویەکمان نەبوو،
ئای کە شەرمە

ئەستێرە لەو وڵاتەدا هەڵدێ
ئێمەی بودەڵەو رۆشنبیری ناو چایخانەکانی شار،
ئێمەی دوای رشانەوەی شەوەکانو
دوای قەدەغەکردنی هاتووچۆی شەقامەکانی شار
چیمان چنی لە ستایشو سوجدە بردن بۆ گەورەکان
تۆ ئەی سەرکردە
ترسنۆکیم بەرێ من ئازادیت پێدەبەخشم
تۆ ئەی سەرکردە
کورسێکەتم بەرێ من نەوەیەک شکدەبەم
لە داهاتوو سەروەریت پێدەبەخشێ
تۆ ئەی سەرکردە
هەڵبژاردنێکم بەرێ فرێتداتە زبڵخانەی مێژووە
تۆ ئەی سەرکردە
کە ئازارەکانی منت بە پەرۆ رەنگکرد
لەماڵوێرانی نەبێت بۆمنی کۆیلە و بێ نیشتیمان
هیچی تر شک نابەیت بۆ مانەوەی دەسەڵات
نامۆ سامان/
070308